www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 14-10-2006 8:02

# بیست و چوار نزای نیگار عەلی

nigaral_24@freenet. de

نزای 3

دێوجامەی ڕووخسار

کە تۆم ناسی
وام دەزانی ئیتر هەرگیز
سەوزە بارانی ڕووخسار و
شەونمی برژانگەکانم
جارێکی تر خاکی کوڵمم قەت تەڕ ناکات
کە تۆم ناسی
وام دەزانی ئیتر هەرگیز
ئەستێرەی سەوزی تەمەنم و
تریفەی مانگە شێتەکەم
جارێکی تر بە ئاسمانی حەزە پەمەییەکانمدا گوزەر ناکات
ئەو کاتەی نزیک بومەوە
ئەو کاتەی کە چاوی گەروی
ئەشکەوتی خەیاڵ و فکرت
نیگای شێتانەی هاویشتە دڵە
بە ئەسپایی خەوتووەکەی سەر گەڵای
داری ئەوینم و
ئەو کاتەی کە گڕی دەستت
کڵپەی سەند و
بە جەستەی شەختەبارانی مندا هەڵگەڕا
نەک هەر نە کوژایەوە
بەڵکە زیاتر گڕی سەند
لە کازیوەی دەرگای داخستووی
لە کازیوەی حەزە دیلەکانی مندا
ئیتر منیش بەرەو ئاسمانی تۆ
هەڵکشام و
وام دەزانی ملوانکەی جریوەی ئەستێرە
دەدەیت لە گەردنم
تا فریا کەوتم دێوجامەی ڕوخسارت ببینم
ئیتر تۆ لێم دوور کەوتیتەوە و
زامی ئەستێرەکانی منت دەکولاندەوە
هاوارم کرد پڕ بە دنیا
دەسا تۆش جێم مە هێڵە
تا بتوانم سوجدە
بۆ پەیکەری دڵە بە بەرد بووەکەت ببەم
تا بۆ دوا جار نزا بکەم

نیگار عەلی... ئەڵمانیا... 12. 10. 2006